# پیرۆزبایی کام جەژن وجەژنانەی چی ؟؟؟؟!!!

**کاروان کەریم**
10/1/06

**جەژنانەی بن برکردنی کێشەی بێ کاری وبێ ژیان وگوزەرانی وکێشەی کرێچێتی وبێ ئاوی وکارەبایی، جەژنانەی پێدانی زەوی وخانوو باشترکردنی ژیان وگوزەرانی خەڵکی بێ جیاوازی وئینتمای حیزبی ؟جەژنانەی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو بازاڕەکان،جەژنانەی جیابوونەوەی کوردستان وگەڕانەوەی کەرکوک وناوچەتەعریب کراوەکان ، جەژنانەی گوێزانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەپاش ماوەی دەرەبەگایەتییەوە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی وچەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ،جەژنانە ی کام گۆڕانکاری لەڕزگارکردنی کۆمەڵگە، لەچنگی دین و تیرۆریزمی ئیسلامی وپیاوسالاری وداب ونەریتە ژەنگ گرتووەکان؟جەژنانە ی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لەچنگی تاڵان وگەندەڵی ئیداری ؟ جەژنانەی ئازادیەکانی تاک و بیروڕادەربڕین و30ساڵ زیندانی کردنی مرۆڤێک کەتەنهاتاوانەکەی ئەوەیە کەحکومەتەکەی هەولێربەبەربەستی ئازادیەکانی دەزانێ؟جەژنانەی تەقەکردن لەخۆپیشاندانەکان لەجێگەی ووەڵامدانەوە بەنارەزایەتی وداواکاری وپێویستییەکانی کۆمەڵگە.**

**کام موژدە، کام مزگێنی کام جەژن ، کام چەژنانە،کام پیرۆزبایی وپیرۆزبایی لەچی ؟؟؟؟!!!! هەردووپارتەسەرەکیەکەی کوردستان بەدرێژایی مێژووی سیاسیان ،بۆدژایەتی کردنی یەکدی دروست بوون و لەهەوڵی لەنێوبردنی یەکدیدابوونەوهەمیشەش دەوڵەتە عەرەبی وئیسلامیەکانی ناوچەکەو نەیارانی ئەم نەتەوە ژێرچەپۆکەش،بەکەڵک وەرگرتن لەشەڕو قەیران وتەنگژەی ئە مانە توانیویانە زیاتر وزیاتر لەهەوڵی لەنێو بردنی ئەم کوردە قوڕبەسەرەدا بن وقەڵەشت وکەلێن وئاژاوەی تێدادروست بکەن هەرخود بەخود و لەنێو خۆیداوبەتاڵی بکەنەوەو هەوڵی لەنێو بردنی بدەن شەڕەخوێناویەناوخۆییەبەردەوامە کان ،زیندووترین دیاردەزەق و حاشاهەڵنەگرەکانێتی.**

**سەرکردایەتی پارتی ویەکێتی لەجێگەی داوای لێ بوردن لەگەلی کوردبکات،لەبەرامبەر بەو هەمووگەنجەجوان و هەرزەکارانەی کەلەپێناوی پارەودەسەلاتی دەسەلاتدارانا، بوونە سوتەمەنی جەنگە ستراتیژیەکانی کەبکی حەمەدەغاو کلاوقاسم وشاخ وگردووتەپۆلکەکانی کوردستان و...هتد.**
**موژدەو مزگێنی وجەژنانەوپیرۆزبایی لەکام کاری باش وکام سەرکەوتن وکام باشترکردنی ژیان وگوزەرانی خەڵکی ، لە جێگەی داوای لێ بوردن لەگەلی کوردبکات، لەبەرامبەر بەوهەموونەگبەتی وماڵوێرانی ودەردەسەرییەی کەبەسەری هێناوە،دەیەوێت قەرزاریشی بکاتەوەوخێروبێری یەکخستنەوەی دووئیدارەحیزبییەکەی وەک جەژنانە پێ ببەخشێت؟؟؟!!!.**
**موژدەومزگێنی و جەژنانەی کام دەست ودیاری باش وبەکەڵکتان،لەبەکارهێنانی یاساوڕێساکانی بەعسی هەڵوەشاو،لەتوندکردنەوەی داب ونەریتە ژەنگگرتووەکان،لەکۆمەک وهاوکاری کردن بەتیرۆیزمی ئیسلامی،لەهاوکاری ودەست ڕاکێشانی دەڵەتەکۆنەپەرست وماڤیاکانی ناوچەکەبۆسەرژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان،لەبەتاڵانکردنی سەروەت وسامانی کوردوکوردستان، لەبەرزکردنەوەی کۆشکوتەلارەتایبەکان وکەڵەکەکردنی پارەودۆلارلەبانکەشەخسیەکان و...هتد.**
**پارتی ویەکێتی لەماوەی ئەوچەندساڵەی دەسەلاتدارێتیاندا،چی لەشەڕیانداو چ لەئاشتییاندا،چ لەحکومەتی هاوبەشیانداو چ دووحکومەتییاندا،هیچ خێروبێرێکی نەداوەتەوە بۆدەرەوەی خۆیان وچی نەگبەتی وماڵوێرانیشە بەسەر ئەو خەڵکەیاناهێناوەو وەئەگەر هەرکاروکورتەخزمەتێکیشیان گەیاندبێت،ئەوامنافەسەی یەکتریان کردووە یالەژێرفشاری کۆمەڵدابووە ، نەک لەبەرچاوی کاڵی کورد.**

مزگێنی وموژدەوجەژنانەوپیرۆزبایی چیمان لێ دەکەن،خۆئێمە ماڵی ئەوانمان تاڵان نەکردووەوسەروەت وسامانی ئەوانمان بەتاڵان نەبردووەوخۆشگوزەرانی ئەوانمان بەدبەخت نەکردووەوئێمەشەڕمان بەوان نەفرۆشتووە،بەڵکووپێچەوانەکەی ڕاست وتەواوە، ئەبێت ئەوان داوای لێ بووردن بکەن لەبەرامبەربەوهەمووموسیبەتەی بەسەرئێمەیان هێناوەوتەعویزی بکەنەوە.

یەکخستنەوەویەکنەخستنەوەی هەردووئیدارەوهەردووحکومەتەحیزبیەکەی هەولێروسلێمانی،هەردەم وەک دووئۆرگانی حیزبی کاریان کردووەکاردەکەن چ ئیدارەوحکومەتی هاوبەش بن وچ بەجیاولەدەرەوەی یەک بن چ لەشەڕوئاشتییاندا،ئەمانە دووئۆرگانێکی حیزبین و پەیوەستن بەبەرژەوەندیەکانی حیزب وبە بڕیاری حیزب ئاراستەدەکرێن ،ئەم حکومەتە حکومەتێکی موئەسەساتی نییەتالەسەرپایەودامەزراوەیاسایی وپێشڕەویەکانی خۆی وەستاوبێ وگرێ خواردووبێت بەبەرژەوەندی وژیان وگوزەرانی کۆمەڵگەوە،خۆی خاوەنی هیچ دەسەڵات وبڕیارویاساونەخشەوبەرنامە وجێگەوپێگەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی نیە وجگەلەحکومەتێکی ڕووکەش وبریقەداروژێربۆش نەبێت هیچی دیکەنییە.،باشترین بەڵگەش بۆسەلماندنی ئەم ڕاستیانەشەڕەناوخۆییەکانی پارتی ویەکێتی بوو،کە حکومەتەهاوبەشەکەی ئەوکاتیان هەرلەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکەیاندا،ئەم حکومەتەش وەک دووکۆمیتەی حیزبی هەرکۆمیتەوچوویەوە پاڵ حیزبەکەی خۆیی وجگەلەملیشیاتێکی حیزبی نەبێت هیچ شتێکی ترنەما.

پارتی ویەکێتی،لەجێگەی پیرۆزبایی جەژنی یەکخستنەوەی دووبارەی هەردووئیدارە حیزبیەکەیان، دەبێت داوای لێ بووردن لەوخەڵکەبکەن لەبەرامبەربەوهەمووبەدبەختییەی کەبەسەر ئەم میللەتەیاناهێناوەو وەئەگەرپێشیان وابێت بەئاهەنگ وشایی وهەڵپەڕکێی یەکخستنەوەی دووئیدارەکە،دەتوانن ئاراستەی نارەزایەتییەجەماوەریەکان بگۆڕن بەپێچەوانەوە نارەزایەتییەکان توندووتۆڵ وبەرفراوانتر وسەراسەریتردەبن.